# پرۆژەی 'ڕێگای گەشە پێدان' دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردە

ئەنوەر سوڵتانی

ئەو دوو هێڵە ئاسن و شۆستەیەی وا بڕیارە لە ڕێگەی ئێران و عیراق و تورکیاوە پەیوەندیی چین و هیندستان بە ئەورووپاوە بدەن، چین بە 'ڕێگای ئاوریشمی نوێ' و حکوومەتی عیراق بە "طریق التنمية" و کورد بە "'ڕێگای گەشەپێدان یان پەرەپێدان" ناوی دەبەن. ڕێگاکە بڕیارە لە بەشی عیراقی خۆیدا شاری فاو و بەسرەی سەر خەلیج بە پیشابوور و لەوێ بەدواوە بە ڕێگای تورکیادا بە شارەکانی ئەورووپاوە ببەستێت کە کۆتاییەکەی شاری لەندەنی بەریتانیا بێت. داڕشتنی جوغرافیای هێڵەکە و وێستگە سەرەکییەکانی، لەئەنجامی پێکهاتنی هەردوو حکوومەتی تورکیا و عیراق، هەروەها قەتەر و ئیمارات، بەشێوەیەکی زیرەکانەی ئەوتۆ داڕژاوە کە باوەکوو سەدان کیلۆمەتر بە خاکی باشووری کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، بەڵام تەنانەت یەک لە شارە کوردییەکان ناگرێتەوە و جگە لە دابڕینی خاک و دەنگ و سەدای زۆر و پیس و پۆخڵیی هەوا هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان نابێت. هەردوو شۆستە و قیتارەکە لە بەسرەوە تا پیشابوور بە زۆر شوێنی وەک کەربەلا و نەجەف و سامەڕا و تکریتدا تێپەڕ دەبن؛ تاقە وێستگەشیان دوای مووسڵ، دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆژئاوای شاری دهۆک- ڕاست ئەو شوێنانەی وا لە ئێستاوە سوپای داگیرکەری تورک خۆیان لێ مۆڵداوە. لە ئەنجامدا هیچکام لەو دوو هێڵە ناتوانن ئاوەدانییەک و گەشە و پەرەیەک بۆ کوردستان و کار و پیشەیەک بۆ کورد بەرهەم بهێنن؛ بەڵام دەتوانن قەتەر و ئیمارات و شارە عەرەبییەکانی عیراق بە تورکیا و ئوروپا ببەستنەوە! لێرەشدا وەک زۆر پرۆژەیتر کە تورکیا و سیاسەتی ئەردۆغانی بەڕێوەیان دەبات، خۆیان و سیاسەتی هاوتەرییبیان لە بەغدا، لەدوورەوە دانیشتوون و فلانە شەریکەی ئیتالییان کردۆتە بەرپرسی دانانی پرۆژەی ڕێگاکان بۆ ئەوەی متەق لە هیچ کوردێکەوە نەیەت و دەنگی کەس بەرز نەبێتەوە! لە ئەنجامی ئەو پیلانە ئاشکرایەدا کە لەژێر چاوەدێریی هەردوو حکوومەتی تورکیا و عیراق پلانی بۆ داڕژاوە سەری

کورد بێ کڵاو ماوەتەوە و دەبێ هەر لە دوورەوە بوەستێت و بە دووربین سەیری پێشکەوتی ئابووریی شارەکانی عیراق بکات!.




وێنە: سایتی ئاوێنە، ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢٨(بڕوانە کۆتایی ئەم وتارە)

ئەگەر دەستی حکوومەتانی ناوچە بۆ داڕشتنی جوغرافیایی ڕێگاکە، لە بەشی عیراقدا زۆر ئاشکرا نەبێ، لە بەشی ئێرانەکەیدا ڕوونتر دەردەکەوێ. تا ئێستا هەموو پەیوەندێکی سەرزەویی ئێران لەگەڵ ئوروپا بۆ هاوردە و هەناردەی کەلوپەل، بە ناوچەی ورمی و سەڵماسدا تێپەڕیوە و لەدیوی تورکیاش گەیشتۆتە دیاربەکر، واتە پەیوەندییەکان لە هەردوو دیوی ئێران و تورکیا بە ناو خاکی کوردستاندا بووە. لەکاتێکدا ڕێگای بەناو 'گەشەپێدان' پەیوەندییەکانی ناوچەی ورمێ لەگەڵ دیاربەکر دەپسێنێ و بە پێچەوانە، بەرەو باشووری ئێران واتە ئابادان و خوڕەم شەهر دادەکشی و لە خوزستانەوە دەگاتە سەر ئاوی خەلیج و لەوێوە بۆ فاو و بەسرە و تورکیا و ئوروپا.

لەبەر ئەو ڕاستییەی کە پێکەوە بەسترانی شارە کوردییەکان بەهۆی ڕێگای ئاسنەوە ئاواتی سەدساڵەی کورد بووە، گۆڕینی ڕێگای هاتوچۆی بازرگانی لە ورمێوە بۆ ئابادان کارتێکەریی گەلێک خراپی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەسەر ناوچەی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و بە پێچەوانە، ئاوەدانی و کار و پیشەیەکی زۆر لە باشووری ئێران، هەروەها لە ناوچەی بەسرە و مووسڵ دەخولقێنێ، تاقە شوێنێک کە ئەو ئاڵوگۆڕە تووشی نەهامەتی و بێکاریی دوورودرێژی ساڵانی داهاتوو دەکات و هیچ سوودێکی پێناگەیێنێ، شار و ناوچەکانی کوردستان دەبن.

سەرنجدانە سەر وتوێژی ڕۆژی شەممە ٢٠٢٤/٩/٢١ی مەیسەم سافی، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق لەگەڵ تۆڕی میدیایی رووداو https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/21092) 0241) ئەو ڕاستییەی سەرەوە بە ڕوونی دەردەخات. مەیسەم سافی کە ناتوانێ دەستنیشانی یەک تاقە شاری کوردستان لەسەر هێڵەکە بکات، دەڵێ "هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەشێکە لە پڕۆژەکە و پێکهێنانی پڕۆژەکە .ڕێگەکە بە ١١ پارێزگادا تێدەپەڕێت و ئەو پارێزگایانەش کە ڕێگەکە پێیاندا تێنەپەڕێت، بەشێوەیەکی لاوەکی بە هێڵەکەوە گرێ دەدرێن". ئەو لاوەکی بوونە هەموو دەسکەوتی کوردستانە لەو "بەشێک لە عیراق" بوونەی وا جەنابی مەیسەم و سەرجەم حکوومەتەکەی سوودانی بۆ کوردیان بەدیاری هێناوە.

لەو بارودۆخەدا، ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەڕێوەبەری سیاسی و خاوەنی ڕاستەقینەی خاکی کورد، ئەوەیە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ و هەوڵبدات بە هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بەڵام چڕوپڕ و بەردەوامی ناوخۆیی و ناودەوڵەتی، بەرگری لە کارەساتێک بکا کە بەگوێرەی بڕیارەکانی عیراق و تورکیا، لە ساڵی ٢٠٢٨ دا دەگاتە قۆناغی دەسپێکردن و کاتێ کار گەیشتە ئەو لووتکەیە، ئیتر چارەسەر کردنی نەگونجاو دەبێ. ئەرکی نەتەوایەتیی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە تا درەنگ نەبووە بەبارودۆخەکەدا بچنەوە و

چارەسەرێکی خێرای بۆ بدۆزنەوە. هەموو عەقڵێکی سەلیم دەزانێ هەڵواردنی سەرجەم شارەکانی کوردستان و گونجاندنی هەندێک شاری بچووک بەڵام خۆشەویستی دەسەڵاتدارانی عیراق لە پرۆژەکەدا بە هەڵکەوت نەبووە و پلان و بەرنامەی داڕێژراوی ئەوان و پەسنی تورکیای لەپشت بووە.

بە هەمان شێوە، ئەرکی نیشتمانیی گەلی کورد لە هەردوو بەشەکەی کوردستانە لە بەرانبەر ئەو پیلانە ئاشکرایەدا بێدەنگ نەمێننەوە و بەشێوازێکی مەدەنی، لە هەموو ڕێگایەکەوە ناڕەزایەتیی خۆیان دەرببڕن.

ئەوانەی خوارەوە چەند لینکێکن بۆ هەواڵ و خەریتەی ڕێگای هاوریشمی نوێ لە بەشی عیراق، کە لە سەرچاوە کوردییەکان وەرگیراون:

https://www.ina.iq/kurd/49887--.html

https://www.awene.com/detail?article=107410

/https://xelk.org/67107

https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=215373

https://chawykurd.com/2024/01/14/%DA%95%DB%8E%DA%AF%D8%A7%
/D9%89-%D8%A6%D8%A7%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%B4%D9%85

ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٢٢ نووسرا